https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.22

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# مینیمالیزم: شێوازی نوێگەری لە موزیکی جیهانیدا

م. سرود فؤاد محمد
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی هونەرە جوانەکان
بەشی موزیک

پ. د. ناصر هاشم بدن
زانکۆی بەسرا
کۆلێژی هونەرە جوانەکان
بەشی موزیک

پ. ی. د. دلاوەر مصطفی محمد
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی هونەرە جوانەکان
بەشی موزیک

Surwd.mohammed@su.edu.krd

Nasserbadan60@G.mail.com

dlawer.muhammad@su.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە سێ تەوەرەی سەرەکی لەخۆدەگرێ بۆ بەدواداچوون بە شێوەیەکی سیستەماتیکیی گشتگیر سەبارەت بە نوێترین شێوازەکانی موزیکی جیهانیی، واتە گوزارشت لە موزیکی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەک دەکات، هەروەها کۆتاییەکانی سەردەمی پۆستمۆدیرنیزم لەخۆدەگرێ، بە تایبەتی لە ڕەوتی مینیمالیزمی موزیکدا خۆی دەبینێتەوە. ئەو ڕەوتە موزیکییەش کۆمەڵێک هونەرمەند ڕابەرایەتیی ژانرەکەیان کردووە. لە میانی ئەو توێژینەوەیەدا پێشەنگی ئەو هونەرمەندە جیهانییانە و شێوازی کارکردنیان دەخرێنەڕوو، کە لە پرۆسەی موزیکداناندا داهێنانیان لەو بوارەدا کردووە، کە لەگەڵ فەلسەفەی هونەری سەردەم و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گۆڕانی کۆمەڵگا و تایبەتمەندییەکانی چێژی موزیک بە جۆرێک لە جۆرەکان گونجانیان بەخۆیانەوە دیوە. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە ئەم شێوازە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە لەگەڵ ناو و فەلسەفەکەیدا یەکانگیرە، وەکو سادە و ساکاری لە ڕووی هارمۆنی و میلۆدییەوە.



**وشە کلیلییەکان:** مینیمالیزم، شێوازی نوێگەری، موزیکی سەردەم، پرۆسەی موزیکی، فۆرم

## مینیمالیزم: شێوازی نوێگەری لە موزیکی جیهانیدا

### پێشەکی:

بە درێژایی پرۆسەی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندنی هونەریدا لە کوردستان، بە تایبەتی لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان، وەکو نەریتێک هەردەم گرنگی بە خوێندنی شێوازەکانی موزیکی چاخە کۆنەکان دراوە، بە تایبەتی لە بابەتی مێژووی موزیکدا. ئەگەر بە سەرنجەوە تێبینیبکەین، دەبینین چاخەکانی موزیک هەر لە گریکەوە تاکو سەردەمی مۆدرێن بایەخی زۆری پێدەدرێت و وەک ئەوە وایە؛ کە موزیک لە دوای سەردەمی مۆدرێن کە تا سالآنی ١٩٤٥ بەردەوامیی هەبووە و بە شێوەیەک لە شێوەکان وەستاوە و ئیتر هیچ گۆڕانکارییەک و پێشکەوتنێکی تری بەخۆیەوە نەبینیوە! هەرچەندە ئەم ڕەوتەش لە ڕەخنەی توند و ململانێی هەوادارانی هونەری پێش خۆیانەوە بەدەر نەبوون، بەڵام ئەو هونەرە نوێگەرییە بە دیدگە و تێڕوانینە تازەکەی خۆیەوە توانیویەتی چیەتی خۆی لەم جیهانە نوێیەدا بسەلمێنێ، ئەمەشیان نەک وەکو چێژ و خستنەکارە جیاجیاکانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیانە بەتەنها، بەڵکو توانیویەتی خۆی بخزێنێتە نێو چەندین بوار و هونەری تر، وەکو فیلم و ئەنیمەیشن و گێم (یارییەکان) و چەندین بواری زانستی و بازرگانی و ڕێکلامەوە، واتە موزیک لە بۆتەی چێژەوە بۆ بۆتەی بازاڕی هونەرییەوە دەرچوو. هەروەها پێکهاتەی ڕیتمی گۆڕاو لە ترپەکاندا، فۆڕم و شێوازێکی موزیکی ئاسان بۆ تێگەیشتنی باش، سکوێنسی زۆر، مۆدۆلەیشنی سادە، ئەمانە و چەندین تایبەتمەندیی تر کە دواتر لە وردەکارییەکان خراونەتەڕوو.

چەمکی چەقبەستوو بۆ هونەر و زانست ناگونجێت، چونکە ئەم دوو بابەتە هەمیشە لە جووڵە و گەشەسەندندان بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە پێشەنگن لە ڕووی پەرەپێدانی کایەکانی موزیکی. بەڵام تا ئێستا هیچ

ئاماژە و تێبینییەک  بۆ شێوازێکی سستماتیکیی موزیکیی سەدەی ٢١ لە کوردستان بەدیناکرێت، هەر چەندە ئەم ڕەوتە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە لەدایکبووە و لە ئارادایە،  لەهەمان کاتدا بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین سەرلەبەری ژیانی ڕۆژانەمانی تەنیوە و بووە بەو موزیکەی هەست و هزرمان دەجوولێنێ، ئەم جوولەیە هەر لە مۆبایلی دەستمانەوە بگرە تا دەگاتە هۆڵی سینەماکان بەردەوامیی هەیە. ئەم توێژینەوەیە جگە لە پڕۆگرامەکەی چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت کە بریتییە لە لایەنی مێژوویی و چەمکە سەرەکییەکانی بابەتەکە و شێوازی پێشکەوتن هەروەها باسی چەند بەرهەمێکی پەیوەست بە موزیکی نوێ و چەند سەرە قەڵەمێکی کورت لە هونەری ئەوانەی پێشەنگی بوارەکەن لە جیهاندا، لەخۆگرتووە.

## ١.١ کێشەی توێژینەوە:

هەڵبەتە و وەکو بابەتێکی دیار و هەستپێکراو بۆشایی و کەلێنێکی زۆر لە مەعریفەی هاوچەرخێتیی موزیک لە نێو کەسانی بژاردەی موزیک بەدیدەکرێت، کە تاکو ئێستا زانیاریی ئەوتۆیان لەسەر ئەو هەموو پێشکەوتنانە نییە، کە جهانی هونەری کۆنتێمپرەری گرتۆتەوە، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی ترەوە، گەر سەیری بەرهەمی کۆمپۆزەرانی کورد بکەین تێبینی ئەوە دەکەین کە ژمارەیەکی زۆر کەمی بەرهەمەکانیان؛ شێواز و تەکنیکی موزیکی نوێی جیهانییان خستۆتە خزمەتی کەلەپووری کلتووریی موزیکی کوردی. جا لێرەدا توێژەر بەدەم پرسیارەوە دەپرسێ  ئایا ئەو تەکنیک و شێوازە نوێیانە چین کە لە پڕۆسەی بنیاد و موزیکدانانی ڕەوتی مینیمالیزم و دوای مینیمالیزم لە جیهاندا سەریانهەڵداوە و کارییپێدەکریت؟ هەروەها چۆن و لەسەر دەستی کامە لە هونەرمەندانی جیهانی ئەم شێوازە گەشەی سەندووە و پەرەیپێدراوە؟

**٢.١ ئامانجی توێژینەوە:**

ئاشکراکردنی مەبەستی مینیمالیزم وەک شێوازی نوێگەری لە موزیکی جیهانیدا، هەروەها قۆناغی (پۆست مینیمالیزم)یش لەخۆدەگرێ.

**٣.١ سنووری توێژینەوە:**

**١،٣،١ سنووری کاتی:** کۆتایی نیوەی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەک.

**٢،٣،١ سنووری جوگرافی:** وەرگرتنی سامپڵی هونەرمەندانی پێشەنگی ئەمریکایی کە دەسپێشخەربوون لە دەرکەوتنی ئەم ڕەوتە هونەرییە.

**٣،٣،١ سنووری بابەتی:** شێوازی موزیکی نوێ و ڕەوتی مینیمالیزم و قۆناغی پۆست مینیمالیزم.

**٤.١ گرنگیی توێژینەوە:**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ناوەڕۆکە هونەرییەکەی دەبێتە سەرچاوەکی نوێ لە ڕەوتێکی سەردەمییانەی پێشکەوتووی موزیک، کە سوود بە هەردوو بژاردە هونەری و فێرخوازانی موزیک لەلایەک و هونەرمەندانی بواری ئاوازدانان لە لایەکی تر دەگەیەنێت. بۆ ئەوەی هەم وەکو سەرچاوە بۆ توێژینەوەکانیان و هەمیش بۆ کەڵکوەرگرتن لە بەکارهێنانی زمانێکی نوێی کۆمپۆزیشن بۆ کارە ڕەسەنەکانیان بەکاریبهێنن.

**١.٢ مینیمالیزم وەک ڕەوتێکی هونەریی نوێگەری:**

وشەی مینیمالیزم لە زاراوەی minimum ی فەرەنسیدا وەرگیراوە، واتە کەمترین یان بچووکترین بڕی پێویست بۆ شتێک :Inan, Ş. 2014)

(5. زاراوەی مینیمالیست؛ زۆر جار بە شێوەیەکی گشتی بۆ دیاریکردن یان پێشنیازکردنی هەر شتێک کە ڕووتەڵەک Abctract بێت بەکاردەهێنرێت، بۆ پێداویستییەکی ڕەهای وەدەستهاتووی تایبەتیی خۆیدا (Vaneenoo, C. 2011: 7). مینیمالیزم لە هونەردا لە کۆتایی (١٩٦٠)کان لە نیویۆرک سەریهەڵداوە و لە نێو ئەدەبی تەکنیکیدا بە هونەری مینیمالیست ناسراوە، یاخود 'ABC' art ی پێدەوترێ و بە هونەری کەمکردنەوە لە بابەتیش خۆی ناساندووە. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم ڕەوتە هونەرییە، سادەییەکی زۆر و ڕێبازێکی بابەتییانە بووە، نیگارکێش و موزیسیانەکان گرنگییەکی ڕادەبەدریان بە سادەیی و ساکاری لە کارەکانیان داوە. پرەنسیپی مینیمالیزم وەک ئامرازێکی تیۆریی سوودبەخش پێشنیازدەکرێت، کە پشتیوانی لە تێگەیشتنێکی جیاکراوەتر لە بچووکگەرایی دەکات و بەم جۆرەش بۆچوونێک دروستدەکات کە ڕێگە بە پێناسەی سادەیی و ساکاریی دەدات لە بوارە جیاجیاکانی هونەریدا (Vaneenoo, C. 2011: 8).ئەو ڕەوتە کەم وێنەیەی کە لە دوا قۆناغی تابلۆکانی کازیمیر مالڤیچ لە ساڵی ١٩١٣دا سەریهەڵدا و بووە مایەی سروشبەخشینی بەردەوام بۆ وێنەکێشەکان لە دەیەکانی دوای ئەو سەدەیە. هەروەها مینیمالیزم لە موزیکیشدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەکاربردراوە و ئاواز و هارمۆنی ئاسانکراو بۆ بچووکردنەوەی هەستە سۆزدارییەکان بەکارهاتووە (Inan, Ş. 2014: 5). بە دیدی ڕەخنەگرانی هونەرییەوە، مینیمالیزم بۆ وەسفکردنی ژانرە هەمەجۆرەکانیش بەکارهاتووە، وەک شانۆ کە لەلایەن نووسەرانی وەک (ساموئێل بێکێت Samuel Beckett)، فیلمەکانی دەرهێنەر (ڕۆبێرت برێسەن Robert Bresson) (چیرۆکەکانی ڕایمۆند کارڤەر The Narratives of Raymond Carver)، هەروەها کارە موزیکییە سادە و ساکارەکانی ئاوازدانەری بەناوبانگ (فلیپ گلاس Philip Glass) و جوڵانەوەی هونەری باوهاوس Bauhaus ئەڵمانی و تەنانەت ئەو دیزاینانەی کە لەلایەن کۆلین چاپمان Colin Chapman و بنەما پەروەردەییەکانی

جۆن کارۆل John Carroll لە نێوان ئەوانی تردا دیزاینکراون (Vaneenoo, C. 2011: 8). هەر لە سەرەتای ئەم ڕەوتەی مینیمالیزمەوە موزیسیان و وێنەکێشەکانی ئەم ڕەوتە بە دروستییەکی کرۆنۆلۆجی و تایبەتمەندی لە کارەکانیاندا خوێندرانەوە و خرانە ژێر تیشکی هەمان بوارەوە. لە نێوان هونەرمەندانی مینیمالیست (ئێلسوۆرث کێلی Ellsworth Kelly) و (مایکڵ نیمان Michael Nyman) بۆ نموونە ڕاپرسییەکانیان، هەڵبژێردران و کارەکانیان لە ڕووی کەمترین کۆکراوەی ڕستە موزیکییە تایبەتمەندییەکانەوە هەڵسەنگێندران، سەرەڕای جیاوازی و لێکچوونەکانی نێوان شێوازەکانی هونەری هەر دوو هونەرمەندی ناوبراو ئاکامەکان دەرکەوتن کە بریتیبوون لە زمانێکی موزیکی تژی لە سادە و ساکاریی هونەری (Inan, Ş. 2014: 5).

لە ساڵی (١٩٧٦) دوای دوازدە ساڵ لە بەرهەمی (تێری ڕایلی لە تۆنە دەنگی دۆ[١]) Terry Riley’s In C، و هەژدە ساڵ دوای (لا مۆنتی یانگ) بۆ گروپی ژێدارەکان[٢]La Monte Young’s Trio for Strings مینیمالیزمی موزیکی بە ڕوونی و ڕەوانیەوە شێوازەکەی خۆی نمایش و نیشانی سەرسامەکانیدا لە سەرتاسەری جیهاندا.

شێوەی ٢،١،٢ (تێری ڕایلی لە دۆ)



شێوەی ٢،١،٣ (لا مۆنتی یانگ بۆ ژێدار)



ئەمە هەموو شتێک بوو لەو نمایشە نۆبەرەیەی ئەو ساڵەدا، لە موزیکی (ستیو رایش) Steve Reich's بۆ هەژدە موزیکژەن[٣] و رۆبرت ویلسون Robert Wilson و فیلیپ گلاس Philip Glass بەرهەمی (ئێنیشتاین لە کەنار دەریا[٤] ١٩٧٤). هەروەها بۆ دەرکەوتنی جۆن ئادامز John Adams، کە ئاماژەکردن بوو بە مینیمالیزمێکی بنچینەیی و گوزارشتی ئاویتە لە موزیکدا، کە دواتر بە زوویی ڕێگای زۆر جیاوازتری گرتەبەر و دوورکەوتەوە لەم شێوازە. هەروەها بژاردە هاوچەرخەکانی ئەوروپی کە هونەرمەندان ڕابەرایەتییان دەکرد، لە سەرسامبوون بەو پێشکەوتنانەی هونەرمەندانی ئەمەریکی و لەوێشەوە چەندین ئاوازدانەر چوونە ناو مینیمالیزمەوە، ئەوانیش بەرەو پیری بەدەستهێنانی دەربڕینێکی پێگەیشتووتر هاتن. لە دەوروبەری ساڵی ١٩٧٦ و ساڵی ١٩٧٧دا: لویس ئاندریسەن Louis Andriessen، هێنریک گۆریسکی Henryk Górecki، مایکڵ نیمان Michael Nyman، ئارڤۆ پێرت Arvo Pärt، جۆن تاڤینەر John Tavener، واڵتەر زیمێرمان

Walter Zimmermann هاتنە نێو گۆڕەپانەکەوە و جێپەنجەی هونەرییان لەنێو ئەو ڕەوتە هونەرییە بە دیارخست. (Potter, K. 2013: 23)

شێوەی ٣،٢،١ (ستیو رایش) بۆ ١٨ موزیکژەن



شێوەی ٤،٢،١ (انیششتاین لە کەنار دەریا)



موزیکی مینیمالیست زۆرجار لە کردارێک[٥]"پرۆسەیەک" بۆ دەربڕینی بیرۆکەیەکی موزیکی بەکاردەهێنرێت. لە تەکنیکەکانی موزیکی کە کۆمپیوتەر ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینێ، دەتوانین پرۆسەی کۆمپۆزیشنی شێوازی مینیمالیست، بە "ئەپڵیکەیشنەکان" ئەنجامبدەین. یەکێک لە کارە گرنگەکانی " پرۆسێسەر process"ی یەکەم بەرهەمی مینیمینالیزم، "موزیکی پێندۆڵم[٦]Pendulum Music" لە لایەن ستیڤ ڕیچ Steve

Reich، له خامەوه دروستکراوه، ناوبراو لێرەدا تەنها کۆمپیوتەرێکی تاکەکەسی PC بەکارهێناوه. (Coco, 2006: 43)

شێوەی ٥،٢،١ (موزیکی پێندۆڵم)




موزیکه چەپڵەییەکەی[٧] ستیڤ ڕیچ Steve Reich’s Clapping Music بریتییه له شێوازی ڕەزمێک که لەلایەن دوو پێشکەشکارەوه لێدەدرێت و هەریەکەیان به دەستەکانیان به شێوازی چەپڵە ڕەزمەکانیان کوتیوه. یەکێکیان به شێوازی نەگۆڕەوه بەزمی ڕەزمەکه دووباره دەکاتەوه به درێژایی پارچەکەش بەردەوامیی هەیه، له کاتێکدا ئەوەی تر شێوازی کوتینەکه دەگۆڕێت به یەکەی کات و دوای ژمارەیەکی دیاریکراوی جێگیر له دووبارەبوونەوەکاندا بەردەوام دەبێ. ئەم گۆڕینەوەی ڕۆڵەکان بەردەوام دەبێت تا نمایشکەرەکان جارێکی تر به یەک ڕەزم دەیکوتن، که له هەمان کاتدا ئاماژەیه به کۆتاییی پارچه موزیکەکه. دوو پرسیاری له ناکاو له ڕابردوودا هاتنه پێشمان: یەکەمیان، چۆن ستیڤ ڕیچ له پلەی یەکەمدا شێوازی خۆی دیاریکرد؟ دووەمیان، چ جۆره شرۆڤه و ڕوونکردنەوەیەک بۆ سەرکەوتنەکانی دەکات؟ بۆ پتر تێگەیشتن ئێمه لێرەدا شێوازی ڕیتمه موزیکه چەپڵەییەکه بەراورد به تایم

لاینێکی زەنگی یۆروبا Yoruba لە ڕۆژئاوای ئەفریقا دەکەین، کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕێڕەوی کاری ڕیچ هەبوو. دوو شێوازەکە بەراوردکراون بە بەکارهێنانی دوو پێوانەی ژمارەیی وەک کرداری کات، وەک ئەوەی کە پارچەکە جێبەجێدەکرێت.

یەکێکیان پێوانەی کامڵنەبووە کە لە نێوان دوو شێوازدا هەژماردەکرێت وەک ئەوەی کە نمایشدەکرێن، و ئەوەی تر پێوانەی هاودەمکردنی کۆمەڵە دەرکەوتەکانی پۆلیرِیتمییە. شیکردنەوەکان لەم بوارەدا ئەوە دەردەخەن کە ئەو شێوازەی کە ڕیچ دەستنیشانیکردووە گۆڕانکاریی ڕیتمی زیاتر بەرهەمدەهێنێت و گۆڕانکاریی جۆراوجۆری گەورەتریش ئەنجامدەدات، لە کاتێکدا پارچە موزیکەکە بەرەو پێش دەچێت. لەگەڵ ئەوەشدا، فیلۆجەنتیک phylogenetic کە بە وێنەی دیاریکراوی چەپڵە، تێگەیشتنی زیاتر بەرهەمدێنێت بۆ ئەو شێوازەی کە ڕیچ دەستنیشانیکردووە، و پێشنیازی ئەوە دەکات کە شیکردنەوەی phylogenetic analysis بە گشتی ئامرازێکی نوێی بەسوودە بۆ موزیکناسی.(Colannino, 2009: 130)

شێوەی ٦،٢،١ (موزیکی چەپڵەیی)



## ٢.٢ موزیکی پرۆسەکاری:

زاراوەی (Process Music) هەندێ جار بۆ ئاماژەدان بە هەموو موزیکێکی مینیمالیستی بەکاردێت، بەڵام بە واتایەکی وردتر: ئەو بابەتە موزییکانەن کە لە پرۆسەیەکی کۆمپۆزیشنی تاک ڕستەوە ماناکانی سەرهەڵدەدات، کە هەموو وردەکاری و تێبینییەکان و هەموو پێکهاتەی گشتیی پارچەیەک دیاریدەکات. ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی ستیڤ ڕیچ Steve Reich لەم بوارەدا، کە لە وتارەکەیدا "موزیک وەک پرۆسەکاریەکی بەرەبەرە Music as a gradual process " بەرەو ئامانجی خۆی دەڕوا و بنەماکانی ڕێبازی پێکهاتنەکەی دادەمەزرێنێت. لێرەدا گوێگر بانگێشت دەکرێت بۆ ئەوەی سەرنج لەسەر ڕووداوێکی موزیکیی ئاڵۆز نەدات، بەڵکو لەسەر وردەکاریی بچووک و جیاوازی مایکرۆسکۆپیدا و زۆرجار بە شێوەیەکی پێشبینینەکراو دەردەکەوێت، کە لە پەرەسەندنی هەندێک لە تەکنیکە موزیکییەکان دەخرێنەڕوو، کە لە ڕاستیدا زۆرێک لە پێکهاتەکان لەلایەن ستیڤ ریچ لەسەر بنەمای پرۆسەکان دامەزراون و بەم شێوەیەن:

آ- گۆڕینی قۆناغ Phase shifting ب- زیادکردنی بەرەبەرە Progressive augmentation ج- پرۆسەی زیادکردن Additive processes.

'موزیکی پرۆسەکاری' وەک کریستنسن Christensen پێناسەی دەکات؛ دیاردەیەکی دینامیکی زۆر ئاڵۆزە و بابەتێکی بیستراوی تێدایە کە لە نێو ئەدایەکی موزیکیدا گەشەدەکات، لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی تێمە بیستراوەکان و پەرەسەندنەکانییدا هەن. ئەم پرۆسانە لەوانەیە پێویستییان بە سیستەمێکی دیاریکراو و تایبەت هەبێ لە ڕێگەی دەنگ و کاتەوە ڕێکبخرێن. زۆرجار گۆڕانێکی درێژخایەن بە بەکارهێنانی بڕێکی کەمی دیاریکراو لە بابەتی ئاواز یان تێمە موزیکییەکاندا ئەنجامدەدرێت، یاخود

گۆڕانی ڕووداوی موزیکی کە پێشتر تا ڕادەیەک ئاڵۆز بوون. (Coco, 2006: 44)

**٣.٢ موزیکی کلاسیکیی هاوچەرخ:**

ئەم شێوازە موزیکە لە کەنارەکانی مێژووی ئەمڕۆوە هاتۆتە کایەوە. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە شێوازە مۆدێرنەکانی دوای ساڵی ١٩٤٥. موزیکی پۆست تۆناڵ، دوای مردنی ئانتۆن وبێرن Anton Webern بەرهەمهاتووە و موزیکی زنجیرەیی و موزیکی ئەلکترۆنی و موزیکی تاقیکاری و موزیکی مینیمێڵستی minimalist لەخۆدەگرێت و شێوە نوێیەکانی موزیکی بریتین لە موزیکی دیمەن ئامێز و پۆست مینیمالیزم.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئاوازدانەرانی موزیکی کلاسیکی بە زمانێکی دەنگیی زۆر بابەتی ناتەبایان تاقیدەکردەوە، کە هەندێک جار پارچەی ئەیتۆنالی بەرهەمدەهێنا. دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، وەک ڕەوتێک لە دژی ئەوەی کە ئەوان وەک ئاماژەی زیادەڕۆیی و لادان لە شێوازەکانی ڕۆمانتیزمی درەنگ کردووە، هەندێک لە ئاوازدانەرەکان ستایلێکی کلاسیکی نوێیان گرتەبەر، کە بەدوای دووبارە گرتنەوەی فۆڕمە هاوسەنگەکان و پرۆسەی تێمسازی clearly perceptible thematic processes. دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئاوازدانەرانی نوێگەر بەدوای بەدەستهێنانی ئاستی گەورەتری کۆنترۆڵکردن لە پرۆسەی پێکهاتەکەیاندا بوون (بۆ نموونە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی دوازدە تۆن و دواتر زنجیرە کۆی سیریالیزمی later total serialism). (Zacharopoulos, 2017: 237)

لە هەمان کاتدا، بە پێچەوانەوە، ئاوازدانەران ئامرازی جیاجیایان لە کۆنترۆڵکردن تاقیکردەوە، گەڕان بەدوای نادیاری indeterminacy یان

پرۆسەی ئەلیاتۆری aleatoric processes لە پلەی بچووکتر یان گەورەتردا کاری تێدا دەکرێ. پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بووە هۆی لەدایکبوونی موزیکی ئەلەکترۆنی، تاقیکردنەوە لەگەڵ ئەڵقەی تێپ tape loops و چنینی دووبارەبووەوە بوونە هۆی هاتنەکایەی داهێنانی مینیمالیزم. دواتر ئاوازدانەرەکانی تر دەستیان بە گەڕان کرد بەدوای توانای شانۆیی نواندنی موزیکدا (هونەری نمایش، میدیا تێکەڵەکان، فلوکسوس Fluxus). کاری نوێی موزیکی کلاسیکیی هاوچەرخ و بەردەوام لە پەرەسەندن دابوو. هەموو ساڵێک، کۆنسێرڤاتۆری بۆستن لە بێرکلی Boston Conservatory at Berklee ٧٠٠ کاری موزیکی نمایش و پێشکەشدەکات. نزیکەی ١٥٠ کاری فێرخوازان لە پرۆگرامی نمایشەکە بریتین لە موزیکی کلاسیکیی نوێ کە بەردەوام نمایشدەکرێت. (Curreri, 2013: 111)

### ٤.٢ مینیمالیزم لە هونەری شێوەکاری و موزیکدا:

شیکردنەوەیەکی مەودای نێوان مینیمالیزم لە هونەرە شێوەکاری و موزیکییەکاندا وەکو پێویستییەکی گرنگ لە چوارچێوەی مێژوویی خۆی دەبینێتەوە. بۆیە لە دوای هەموو ئەم پرۆسەیە، نابێ بەسادەیی تێڕوانینی بۆ بکرێت، چونکە هەردوو جەستەی هونەرەکە لە ناوی "مینیمالیست"دا هاوبەشن و پێکەوە دەرکەوتوون و لە هەمان شوێن و کاتدا خوێندراون، (هەرچەندە لە موزیکدا مینیمالیست چەند ساڵێک دوای ئەوە گەیشتە نێو کاروانەکە) بەڵام ئەم بابەتە بەشێکە لەو گرنگییەی کە ئەم زاراوەیە بە ڕێکەوتن و پێشنیارکردن و گرنگییەکەیەوە دەیخاتەڕوو. کاتێک توێژەران لێدوان لەسەر پەیوەندیی نێوان مینیالیزم لە بواری شێوەکاری و موزیکیدا دەدەن، زۆرجار جەخت لەسەر ئەو ڕۆڵە دەکەنەوە کە کاردانەوە لەو دوو دیسپلینانەدا دەیبینێت. مینیمالیزمی شێوەکاری کاردانەوەیەک بوو لە دژی دەربڕینی ئەبستراکت و هونەری شیکاریدا لە نێو بۆتەی کارە

هونەرییەکاندا، لە کاتێکدا مینیالیزمی موزیکی کاردانەوەیەکی تر بوو لە دژی زنجیرەیی موزیکی و شاردنەوەی ڕادیکاڵیانەی خۆی radical indeterminacy. ڕەخنەی هونەری بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵەیەکی بەرفراوانی لەگەڵ هەردوو چەمکی ئەرێنی و نەرێنی لە هەردوو هونەردا کردووە. پەرتەوازەیی هەستپێکراو لە نێوان کرداری مینیمێنیستی minimalist practice لە ساڵانی ١٩٦٠کاندا لەگەڵ زیادەڕەوی دەربڕین هەم لە موزیک و هەم لە پەیکەرتاشی و وێنەکێشاندا ئەو گۆڕانکارییە جوانکاری و ڕەسمییانەی کە مینیمالیزم پێیدابوو تێگەیشتبوون. دواتر وەک ئێستا بە شێوەیەکی تەواو و جیاواز لە هونەری پێشکەوتووی پێشوو حاڵی ببوون. بەڵام بەشێکی بەهۆی بەراوردکردنی مینیمێنیزمی شێوەکاری و چالاکییە لێکچووەکان لە موزیکدا بە ڕاستی ژیان و هەناسەی هونەری کردە بەر پەیکەری مینیمەلیستی  بە تایبەتی وێنەکێشان تا ڕادەیەکی کەمتر لەو بوارەدا. بۆیە ئەم کارانە لەلایەن هەندێک لە ڕەخنەگرە کاریگەرەکانی ئەو سەردەمە وەک هەڕەشەیەک بۆ خودی هونەری مۆدێرنێتی سەیردەکرا و هەندێکی تر پێیانوابوو ئەمە گەورەترین توانستی هونەریی تازەی ڕاستەقینەیە، کە دەرکەوتووە. لە ئەنجامدا باس و خواسی مێژووی ڕەخنەی هونەریی مینیمالیستی بە شێوەیەکی بەرچاو گەیشتە بەردەم بابەتەکانی پۆستمۆدێرنیزمدا.

لە نێوان بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕەخنەی هونەریی مینیمالیست و چاپکردنی کتێبەکانی فۆستەرHal Foster ، پرسیارەکانی لەمەڕ مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم مشتومڕێکی زۆریان دروستکردووە. پرسیارەکەی ئەم بەشە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە: ئەگەر بۆ هاڵ فۆستەر و ڕەخنەگرانی تری هونەری، کە باس لە پەیکەرسازیی مینیمالیست بکەن بابەتێکی مانادار بێ لە ڕووی پۆستمۆدێرنیزمەوە، ئایا لێرەدا دەتوانرێ هەمان کار لەگەڵ موزیکی مینیمالیستی هەمان کاتدا بکرێ؟

له تیۆری هونەری وێنەکێشان و پەیکەرسازی و موزیک و تەلارسازی یان هەر شێوە هونەرێکی دیکە کاتێک نیشانەدرێت پەرەسەندن بە جەستەی ئەو هونەرانەوە زاڵە، ئەمەش کارێک دەکات کە بە سوودی ئەو خودی ئەو هونەرانە لە پەیوەندییە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە. کە زۆرجار لە بیردۆزی هونەریی پۆستمۆدێرندا دەخولێتەوە یان پەرەیپێدەدات، بە شێوەیەکی ئاسایی گۆڕانە کلتوورییە گرنگەکان تیۆررێژ دەکاتەوە، کە زۆربەی کات لە ١٩٦٠کاندا ڕوویانداوە، ئەمەشیان ئاماژە بە گۆڕانێکی بنەڕەتی دەکات لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا ئەم کلتوورە نوێیەی "پۆستمۆدێرن" ی سەرمایەداری بە تەواوی جیهانی والاکرد و بە پێچەوانەی ئەو کلتوورە مۆدێرنە وەستاوە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداریی جیهانیدایە کە دەبێت لە پەیوەندییەکی شۆکدروستکەری هەردوو جەنگی جیهانیشەوە ڕەچاوبکرێت. لە کۆتاییدا تیۆرەکانی بابەتی پۆستمۆدێرنی مرۆڤ هەنگاوێکی پتر لە دوای مۆدێرنیزمی کلتووری دەنێن بۆ مشتومڕکردن بۆ گۆڕانێکی بنچینەیی ئێثنۆلۆژی لە هاونیشتمانی کۆمەڵگای پۆستمۆدێرن. بە شێوەیەکی گشتی، تیۆرییەکانی بابەتی پۆستمۆدێرن باس لەوە دەکەن کە ئەو بابەتەی کە لە ژێر سایەی مۆدێرنیزمدا گوایە ناوەند و لێهاتوو و هاوتەریب بووە، ئێستا تێکشکاوە و لاگیربووە. (Shelley, 2013: 19)

### ٥.٢ پۆست- مینیمالیزم:

لە ڕوانگەی دیمیتری کێرڤۆ Dimitri Cervo، لە ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠کاندا، هەندێک لە بەرهەم و کاری موزیکی کە دەکرێ ئەمانە بە تەواوی نوێنەرایەتیی پۆست-مینیمالیست بکات پەرەیپێدرا. ئەگەر دەستەیەک لە کارەکانی وەک ڕایش تێهیلین Reich’s Tehillin (١٩٨١)، ستابات ماتەر Stabat Mater (١٩٨٥)، ئادەمس هارمۆنیوێرکێی Adams’s Harmoniewerke (١٩٨٦)، تۆرکێس ئادجێستەبڵ ڕینش

Torke’s Adjustable Wrench (١٩٨٧)، چوارینە ژێدارەکەی نیمان Nyman ژمارە. ٢ (١٩٨٨)، پێنجینە ژێدارەکەی گلاس (١٩٩١)، یان ئەبرتورا ئی تۆکاتا (١٩٩٥) لەلایەن دیمیتری کێرڤۆ Dimitri Cervo دانراوە[٨]، بەلایەنی کەمەوە سێ تایبەتمەندیی دیاری هاوبەش بۆ هەموو ئەم کارانە جیادەکرێتەوە کە بە باشی بۆ مینیمالیزم دەگونجێن:

آ- هەموو کارەکان لە هەندێک لایەنی (تەکنیک، ستایل، ئێستاتیکی، یان هەرسێ بە یەکەوە) جیابوونەتەوە و بە شێوەیەکی مەبەستدار تێکەڵ بە تەکنیکەکانی تر کراون، توخمە ستایلییەکانی تر، گەیشتن بە ئەنجامە هونەرییە ڕەسەنەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەستی مینیالیزمی تێدا دەردەکەوێت.

ب- بەکارهێنانی هێڵە میلۆدیەکان و دەربڕینی میلۆدی لەم کارانەدا گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە. ڕەنگە هێڵە میلۆدیکەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە پێکهاتەکەدا دابنێن، لەوانەیە بە تەنیا یان لەگەڵ توخمە مینیمالیستەکان دەربکەون کە وەک باگڕاوەندێک بۆ یاوەری میلۆدی کاربکەن.

ج- کارەکان لە چەند جووڵەیەک یان بەشێکدا بنیاددەنرێن، لەگەڵ تێمپۆی جیاوازدا، کە جیاوازن، هەروەها دەتوانرێت بە ئاسانی لەیەکتری جیابکرێنەوە، ئەو هەستە بەردەوامیە ئاساییەی کە لە کارە کلاسیکییە مینیمالیستەکان بەدیدەکرا، لێرەدا تێشکێندران و بوونیان نەما.

شێوەی ٢،٥،١ (ئەبرتورا ئی تۆکاتا)



ئێستا، هەوڵدان بۆ سەرنجی بەردەوام لە گفتوگۆ دەربارەی پۆست-مینیمالیزم بە شێوەیەکی تایبەتتر، هەروەها تەکنیکی پتر هاتوونەتە ئاراوە، ئێمە ئەگەر سەیری شێوازی کوارتێتی سترینگ ژمارە ٢ی نیمان[٩]. لەم بەرهەمەدا دەستنیشانکردن و جیاوازیی سێ لایەنەی نێوان مینیالیزم و پۆست- مینیمالیزمە دەردەکەوێت کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

شێوەی ٢،٥،٢ (کوارتێتی سترینگ ژمارە ٢ی نیمان)



کوارتێتی سترینگ نیمان کە لە ساڵی ١٩٨٨دا داندراوە، لە شەش جوڵەدا پێکهاتووە، هەریەکەیان بە تێمپۆی خۆی و هەر یەکە بە ڕەوتی ڕیتمیی خۆی بەڕێوەدەبرێت: بە ڕیتمەکانی ٤- ترپە، ٥- ترپە، ٦ ترپە، ٧-٩ ترپە، و فرە ترپە لە جوڵەی کۆتاییدا دەرکەوتووە. پێکهاتەی ڕیتمی کوارتێتەکە لەسەر بنەمای چەمکە کێشییەکانی موزیک بنیادنراوە. پێکهاتە و خێراییەکانی بازنەیی پەیوەستن بە وەزیفەی سەمایی ئەو خاڵانەی کە بۆ سەماکەر شوبانە جیاسینگ[١٠] پێکهاتووە. نیمان بە ئاشکرا زانیارییە ڕیتمییە دانراوەکانی قبوڵکرد و هەوڵیدا کە وشە بە وشەی ئاوازی تاکەکەسی و هارمۆنی و پێکهاتەیی خۆی لەناو ئەم چوارچێوەیەدا بەرجەستەبکات.


هەرچەندە جووڵەی موزیکەکە لە فۆڕمی ’ABA ە، بەڵام لە ڕاستیدا پێکهاتەی فۆڕمەکە تا ڕادەیەکی زۆر ڕوون نییە. دووبارەکردنەوەی بازنەیی میلۆدی و دووبارەکردنەوەی شێوازی یاوەری و هارمۆنی ستاتیک و ڕیتم، هەموو ئەو توخمانەن کە بەردەوام نموونەن بۆ خوڵقاندنی ژانری کارە مینیمالیستەکان و بۆیە فۆڕمی ’ABA بە ناڕوونی هێشتۆتەوە. (Cervo, 1999: 46)

### ١.٣ ناودارترین هونەرمەندانی مینیمالیزم لە موزیکدا:

**٣.١.١ فیلیپ مۆریس گلاس Philip Morris Glass** (لەدایکبووی ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٣٧) ئاوازدانەر و پیانۆژەنێکی ئەمریکییە. ئەو بە فراوانی بە یەکێک لە کاریگەرترین ئاوازدانەرەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم دادەنرێت. کاری هونەریی گلاس پەیوەندی بە مینیمالیزمەوە هەیە، لە دەستەواژە موزیکییە دووبارەکان و چینە دەنگییە جیاوازەکانەوە دروستکراوە. گلاس خۆی وەک ئاوازدانەرێک وەسفدەکات لە "موزیک بە پێکهاتە دووبارەکانەوە"، کە یارمەتیی گەشەی ستایلی نوێی جیهانیی داوە. گلاس گرووپی فلیپ گلاسی دامەزراند، کە تا ئێستاش لەسەر کیبۆڕد

نمایش دەکرێت. چەندین ئۆپێرا و کاری شانۆی موزیک و دوازدە سەمفۆنی و یازدە کۆنشرتۆ و هەشت چوارینەی ژێداری و میوزیکی ژووری جۆراوجۆر و موزیکی فیلمی نووسیوە و سێ لە موزیکی فیلمەکان بۆ خەڵاتی ئەکادیمی کاندیدکراون. (Golinski, 2008: 11)


شێوەی ٣.١.١ فیلیپ مۆریس گلاس



**٣.١.٢ جۆن کولیج ئادەمز John Coolidge Adams** (لەدایکبووی ١٥ی شوباتی ١٩٤٧) ئاوازدانەر و ڕابەری ئۆرکێسترایی ئەمریکییە کە ڕەگی موزیکی خۆی لە مینیمالیزمەوەیە. لە نێوان زۆربەی ئاوازدانەرەکانی موزیکی کلاسیکیی هاوچەرخ، ئەو بە تایبەتی بە

ئۆپێراکانی ناوبانگی دەرکردووە، کە زۆربەی کات لە دەوری ڕووداوە مێژووییەکانی ئەم دواییەدا دەخولێتەوە. جگە لە ئۆپێرا، موزیکی ئۆرکێسترالی، کۆنشێرتۆ، دەنگ و کۆراڵ، موزیکی ژوور، ئەلێکترۆکستیک و پیانۆ لەخۆدەگرێت. ئادەمس لە شاری وۆرسێستەر لە ماساچوست لەدایکبووە، لە خێزانێکی موزیکی گەورە بووە، بە شێوەیەکی چڕ ڕووبەڕووی موزیکی کلاسیکی، جاز، شانۆی موزیک و موزیکی ڕۆک دەبێتەوە. ئەو لە زانکۆی هارڤارد درێژەی بە خوێندن داوە. هەرچەندە کۆنترین کارە سەرەتاییەکانی لەگەڵ موزیکی مۆدێرنیست هاوتابوو، بەڵام دواتر دەستیکرد بە دژایەتیکردنی ئەم ڕەوتەی کە لە سەرەتا ئاشنابوو لەگەڵیدا. (Cahill, 2007: 304)

شێوەی ٣.١.٢ جۆن کولیج ئادەمز




**٣.١.٣ لویس جۆزێف ئەندریسن Louis Joseph Andriessen**

٦ی حوزەیرانی ١٩٣٩ – ١ی تەمووزی ٢٠٢١) ئاوازدانەر و پیانۆژەن و مامۆستای ئەکادیمی بە ڕەگەز هۆڵەندی بوو. بە کاریگەرترین ئاوازدانەری هۆڵەندی لە نەوەی خۆی دادەنرا، ئەو لە لایەنگریی ناوەندیی

قوتابخانەی پێکهاتەی هاگ بوو The Hague. هەرچەندە موزیکەکەی لە سەرەتادا لایەنی نیۆکلاسیزم و زنجیرەگەری بەسەر زاڵبوو، بەڵام بەرەبەرە شێوازەکەی خۆی گۆڕی و ئەمەش بۆ تێکەڵکردنی مینیمالیزمی ئەمریکی بوو لە کارەکەیدا، جاز و شێوازی ستراڤنسکی. ئاندریسن لە شاری ئۆترێخت لە خێزانێکی موزیکی لەدایکبووە، ئاندریسن لە ساڵی ١٩٧٤ تا ٢٠١٢ لە کۆنسەرڤەتواری شاهانەی لە لاهای خوێندبوو، کاریگەریی ئاوازدانەری لەسەر دیاربوو. ئۆپێراکەی لا کۆمیدیا، لەسەر بنەمای کۆمیدیای خوداوەندی دانتێ بوو، خەڵاتی گراویمیری ساڵی ٢٠١١ی بۆ ئاوازی موزیکی بردەوە و لە ساڵی ٢٠١٩ لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لە گاردیان وەک یەکێک لە نایابترین کەسەکانی سەدەی ٢١ دەستنیشانکرا. (Schönberger, 2001: 249)

شێوەی ٣.١.٣ لویس جۆزێف ئەندریسن




**٣.١.٤ واڵتەر زیمەرمان Walter Zimmerman** (لەدایکبووی ١٥ی نیسانی ١٩٤٩) ئاوازدانەرێکی ئەڵمانییە کە پەیوەندی بە قوتابخانەی کۆلنی موزیکیەوە کردووە. زیمەرمان لە شاری شواباخی ئەڵمانیا لەدایکبووە، لە ئەڵمانیا لەگەڵ ورنەر هایدەر Werner Heider و ماوریسیۆ کاگل Mauricio Kagel، تیۆری زیرەکی موزیکی لە پەیمانگای سۆنۆلۆژی لە ئۆترێخت Utrecht (ئێستا لە شاری هاگ Hague) خوێندووە و موزیکی کۆمپیوتەری لە زانکۆی کۆلگەیت Colgate University لە نیویۆرک خوێندووە، کارەکانی زیمەرمان بە گونجاندنێکی مینیمالیزمی تەکنیکدا بنیادی بۆ کردووە. هەرچەندە زۆرێک لە ئاوازدانەرە مینیمالیستەکان بە ڕەگەز ئەمریکین و کاریگەرییان لە کارەکانیدا لە لایەن موزیکی ڕۆک و جاز و جیهانییەوە هەبووە، بەڵام زیمەرمان سروشێکی زۆری لە کەلەپووری فرانکۆنی Franconian خۆی وەرگرتووە. ژمارەیەک لە کارەکانی، بە تایبەتی گرووپە پارچەکانی ناسراو بە لۆکاڵ موزیک، موزیکی نەریتی ئەم ناوچەیە وەک کەرەستەی سەرچاوە بەکاردەهێنن. ئەم کارانە زۆر جار بە مەوادی میلۆدیک دەستپێدەکەن کە لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی فرانکۆنییەوە وەرگیراوە، کە بە شێوازی ڕۆمان گۆڕانکارییان بەسەر دێت و پرۆسەی جۆراوجۆریان پێدەکرێت. (Cahill, 2007: 306)

**٣.١.٥ هێنریک میکۆلاج گوریسکی Henryk Mikołaj Górecki** لە 6ی کانوونی دووەمی 1933 لە پۆڵەندا لەدایکبووە، ئاوازدانەری پۆڵەندی موزیکی کلاسیکیی هاوچەرخ بوو. بە پێی ڕەخنەگر ئەلێکس ڕۆس Alex Ross، هیچ ئاوازدانەرێکی کلاسیکیی ئەم دواییە هێندەی گۆریسکی سەرکەوتنی بازرگانی نەبووە. گۆریسکی بوو بە کەسایەتییەکی پێشەنگی ئاڤانت گاردی پۆڵەندی لە بواری کلتووری دادەنرا دوای ستالین. ئەو لە شێوازی زنجیرەیی[(١١)] بە ئەنتوان وبێرن Anton Webern سەرسام بوو، هەروەها لە ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٦٠ لە کاتی پابەندبوونیدا بە

مۆدێرنیزمی ناتەواو کاریگەریی لویجی نۆنۆ Luigi Nono و کارلێهینز ستۆکهاوزێن Karlheinz Stockhausen و کریزیزتۆف پێندریکی Krzysztof Penderecki و کازیمیرز سێرۆکیەوە Kazimierz Serocki لەسەر بوو. (Górecki, 1994: 20) لە ماوەی سالانی ١٩٦٠دا بەم ئاراستەیە بەردەوام بوو، بەڵام لە ناوەڕاستی ١٩٧٠کاندا شێوازی فەلسەفەی کارکردنی گۆڕا بۆ بنیادێکی مینیمالیزمیدا کە کەمتر ئاڵۆزبوو، وەک نموونەی سیمفۆنیای ژمارە ٢ و سەمفۆنیای ژمارە ٣ (سیمفۆنی گۆرانی خەماوی). ئەم شێوازە دواتر لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا پەرەیسەند و لە کارەکانی وەک بیتوس 'ڤیر'ی سالی ١٩٨١ بۆ سروودی کۆراڵ میسری، کلاینس ڕیکیم فۆر پۆلکای ١٩٩٣. میرکە (Mirka, 2004: 330) کە شێوازێک هەڵدەبژێرێت بۆ پۆلێنکردنی کارە موزیکییەکانی گۆریسکی لەسەر بنەمای کاریگەریی گونجان و ئەندازەیی لەسەر موزیک، هەڵسا بە دابەشکردنی کارەکان کە بەم شێوەیە بوو: پۆلێنکردنی کارەکانی سالانی ١٩٥٥ەوە تا ١٩٧١. هەروەها (١٩٥٥-١٩٦١) 'نائەندازەیین' بەڵام کارەکانی (١٩٦١-١٩٧١) بە کاری 'ئەندازەیی' ناوزەدکرد. ڕەخنەی سەرەکیی میرکا لە پۆلێنکردنی دروبا Krzysztof Droba لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە لە ناوەڕۆکی ڕەخنەکەیدا ئەو کاریگەرییە ئەندازەسازییەی کە لە موزیکی گۆریسکی نادیدهگرتبوو، لە جیاتی ئەوە ڕەنگە زۆر بە گوشارەوە تیشکی خستبێتە سەر ئەو مادە دەنگییانەی کە گۆریسکی کاری لەگەڵ دەکرد (بەرزی و نزمیی دەنگ, بێ بەرزی و نزمیی دەنگ، کەرەستەی دەنگیی ناتەبا، دەنگە تەباکان). زاراوەی بنیاتنەر لەوانەیە چەند بیرۆکە و فەلسەفەیەک کە لەگەڵ گۆریسکی وەک ئاوازدانەرێک و کەسایەتییەک ناکۆکبن، لەوانە بیرۆکەکان وەک خستنەکارەکانی هونەری، کوبیزم، نیوپلاستیکیزم، تەلارسازی، دواڕۆژگەرایی، و دیزاینی گرافیک. (Versluis, 2018: 30)

شێوەی ٣.١.٥ هێنریک میکۆواج گوریسکی



لە بەکارهێنانی موزیکی گشتیدا، "پۆستمینیمالیزم" ئاماژە بە ئەو کارانە دەکات کە کاریگەرییان لە موزیکی مینیمالستەوە هەیە، و بە گشتی لە نێو موزیکی هونەریی 'مێتاژانر'دا پۆلێندەکرێت. نووسەر کایل گان ئەو چەمکەی بە تۆکمەیی دامەزراندووە بۆ ئەوەی ئەو شێوازەی کە لە سالآنی ١٩٨٠ و ١٩٩٠کاندا (١٢) گەشایەوە و تایبەتمەندیی ئەم بابەتە لەو خالآنەی خوارەوە بەرجەستەدەبێت:

١. ترپەی جێگیر، بە زۆری بەردەوام دەبێت بە درێژایی کار یان جووڵەیەکی تەواو.

٢. زمانی ئاوازیی دیاتۆنی، تۆنالّ لە کاریگەریدا، بەلآم خۆبەدوورگرتن لە نەریتی پراکتیزەکردنی تۆنالیتی.

٣. یەکسانیی گشتی لە داینامیک، بەبێ پەلهاویشتن بۆ لوتکە بەهێزەکان یان سۆزدارییەکی بێمانا.

٤. جیاوازبوون لە مینیمالیزم، خۆلادان لە هێڵی ئاشکرا یان دیزاینی فۆرموولەکراو.

پرۆسەی مینیمالیستی وەک پرۆسەیەکی زەمینەسازی و ڕێگاخۆشکردن بۆ هاتنەکایەی ئامانجە هونەرییەکانی لە نێو پۆستمینیالیزمدا کارێکی شیاو و باوە، هەرچەندە وەکو نەریتێک لە شێوەی جیاکراوەدا، هەروەها شێوازەکە توانای خۆی نیشانداوە بۆ پێشوازیکردنی کاریگەرییەکانی جیهان و موزیکی پۆپیولەر وەک موزیکی گامەلان[١٣] و بلێگراس و کانتلەیشن[١٤]. (Mirka, 2004: 330)

## ١.٤ ئەنجامەکان

١- لە ڕەهەندی چێژی موزیکییەوە: یەکەم جار گوێگرتن لەم شێوازە موزیکە لەوانەیە بە جۆرێک ناڕوون بێت، ئەمەشیان لە نوێگەرییەکەوە سەرچاوەیگرتووە، چونکە زۆرێک لە توخمەکانی نەریتی ڕۆژئاوایین و بە ئاسانی دەناسرێنەوە، بەڵام ئەوان شێواز و فۆرمەکانی خۆیان دەگۆڕن و دەیشێوێنن یان شوناسی پرۆسە مینیمێنیستییەکانی دەخەنەسەر. لە ڕێگەی ژەنینێکی ئەفراندنەوە، گوتارێکی موزیکی هەمەڕەهەند، ئاوازێکی ناسک، کە لە بنەڕەتەوە ڕۆمانسییە، چینە دەنگیی Bass یێکی زەمینی وەک ئەوەی لە بارۆکدا دۆزراوەتەوە، و تەکنیکی جیاوازی وەک لە کلاسیکیزمدا پەیرەوکراوە، ئەمانە هەمووی توخمی پێکهاتەیین و سەرەکین لە پرۆسە مینیمێنیستەکاندا. موزیکەکە ئاوێتەکراوی هەندێک لە مینیمالیست، کەمێک لە ڕۆمانسی، تۆزێک لە بارۆک، و ئەوەی تریشیان کلاسیکییە.

٢- لە ڕەهەندی ڕیتمەوە: بنیادی ڕیتم و کێشی موزیکی بە زۆری لە ترپەی جێگیر پێکهاتووە، و هەردەم بەردەوامیی هەیە بە درێژایی کارە هونەرییەکە یان جووڵەیەکی تەواودا. هەروەها تێمپۆی جیاواز، کە جیاوازن و دەتوانرێت بە ئاسانی لەیەکیان جیابکرێنەوە، ئەو هەستە بەردەوامییە ئاساییەی کە لە کارە کلاسیکییە مینیمالیستەکان بەدیدەکرا، کەچی دواتر لە پۆست-مینیمالیزم هاتۆتە تێکشکاندن و بوونی نەما.

٣- له ڕەهەندی فۆڕمەوە: لەم شێوازەدا بەکارهێنانی هێڵە میلۆدییەکان و دەربڕینی میلۆدی لە نێو تێکسچەرە ئاڵۆزەکان گرنگییەکی زۆری هەیە. ڕەنگە هێڵە میلۆدیکەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە پێکهاتەکەدا ببینن، کەچی کاتێک بە تەنیا یان لەگەڵ تەکنیکەکانی مینیمالیستی دەردەکەون، وەک باگڕاوەند بۆ یاوەری میلۆدی کار دەکەن و زێدەتر دەوڵەمەندی دەکەن.

٤- لە ڕەهەندی تەکنیکییەوە: هەموو کارەکان لە هەندێک لایەنی تەکنیک، ستایل، ئێستاتیکی، جیابوونەتەوە و بە شێوەیەکی مەبەستدار تێکەڵ بە تەکنیکەکانی تر کراون، توخمە ستایلییەکانی تر، گەیشتن بە ئەنجامە هونەرییە ڕەسەنەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەستی مینیالیزمی تێدا دەردەکەوێت.

**٢.٤ ڕاسپاردەکان:**

١- کۆکردنەوەی بەرهەمی چاپکراوی دانەرانی ئەم ڕەوتە لە جیهاندا لە بۆتەیەکی موزیکیی دیاریکراودا لە بابەتەکانی شیکردنەوەی موزیکی، بە تایبەت لە کۆلێژەکانی هونەر بۆ توێژینەوە و شرۆڤەکردنیان.

٢- سادەیی و ساکاری و کورتکردنەوەی بنەماکانی دانانی موزیک دەکرێ وەکو بابەتێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ بۆ گەیشتن بە هەندێ ئایدیای تازە لە بواری موزیکی مۆدێرن و سوودوەرگرتن لێیان بۆ دانەرانی موزیکی نەتەوەیی.

٣- کارکردنی بەردەوام لەم ڕەوتە موزیکییە نوێگەرییە و وروژاندنی پتری شارەزایان و توێژەران لەم بوارەدا، دەروازەی گەیشتن بە

تێگەیشتن باسدەکات بۆ بەرهەمی زنجیرەیی چاخەکانی موزیک و دواتر بەراوردکردنیان لەگەڵ ڕەوتی ئێستای موزیکی لۆکاڵی.

**پەراوێزەکان:**

[١]- لینکی یوتیوب https://www.youtube.com/watch?v=DpYBhX0UH04

[٢]- لینکی یوتیوب https://www.youtube.com/watch?v=lszrDRmK-Cw

[٣]- لینکی یوتیوب https://www.youtube.com/watch?v=ZXJWO2FQ16c&list=RDQM0JY3PeFC-Sw&start_radio=1

[٤]- لینکی یوریوب https://www.youtube.com/watch?v=afW7RGY-CQw

[٥]- نمونەی Steve Reich کرداری شۆڕکردنەوەی چوای مایک بۆ سەر چوای مۆنیتەری دەنگ و جوڵانەوە بە شێوازی Pendulum بۆ دروسکردنی ئیفێکتێکی تایبەت و بەکارهێنانی بۆ خوڵقاندنی بیرۆکەیەکی موزیکی نوێ.

[٦]- لینکی یوتیوب https://www.youtube.com/watch?v=fU6qDeJPT-w

[٧]- لینکی یوتیوب https://www.youtube.com/watch?v=YPU5XrmORCQ

[٨]- لینکی یوتیوب https://www.youtube.com/watch?v=rXgGX4TfM6c

[9]- لینکی یوتیوب
https://www.youtube.com/watch?v=Msataw56uNo

[10]- شوبانا جیاسینگ: شوبانا جیاسینگ سی بی (لەدایکبووی ٢٦ی ئازاری ١٩٥٧ لە چێنای) چیرۆگرافی بەریتانی و دامەزرێنەری سەمای شوبانا جیاسینگە. شوبانا جیاسینگ دانسیش کۆمپانیایەکی سەمای بەریتانییە کە لە لەندەنە و لە ساڵی ١٩٨٩ لە لایەن دەرهێنەری هونەری و چیرۆگرافەری کۆمپانیاکە، شوبانە جیاسینگ دامەزراوە. ئەم کۆمپانیایە گەشتی نێودەوڵەتی بە هیندستان، هۆنگ کۆنگ، سەنگافورە، سیئۆل، ئەمریکا، سوید، ئیتالیا، نەمسا و لە سەرتاسەری شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) کردووە و سێ خەڵاتی سەمای دیجیتاڵ، دوو خەڵاتی سەمای کاتی و خەڵاتی موزیک و سەمای لەندەنی وەرگرتووە.

[11]- لە موزیکدا، زنجیرەیی شێوازێکە بۆ پێکهاتن بە بەکارهێنانی زنجیرەی ئاواز، ڕیتم، داینامیک، تیمبرێس یان توخمەکانی تری موزیکدا. موزیکی زنجیرەیی بە شێوەیەکی سەرەکی بە تەکنیکی دوازدە تۆنەکەی ئارنۆلد شۆنبێرگ دەستیپێکرد، هەرچەندە هەندێک لە هاودەمەکانی کاریان بۆ دامەزراندنی زنجیرەیی وەک شێوەی بیرکردنەوەیەکی دوای تۆناڵ دەکرد. تەکنیکی دوازدە تۆن داوای دوازدە تێبینی پێوەری کرۆماتیک دەکات و ڕیزێک یان زنجیرەیەک پێکدەهێنن و بنەمایەکی یەکخستن بۆ ئاوازی پێکهاتەیەک و هارمۆنی و پێشکەوتنە پێکهاتەییەکان و جیاوازییەکان دابیندەکات. هەروەها جۆرەکانی تری زنجیرەیی لەگەڵ کۆمەڵە و کۆکراوەی توخمەکانی ئاواز کار دەکەن، بەڵام مەرج نییە ئەو زنجیرەیە درێژبکەوە بۆ ڕەهەندە موزیکیەکانی تر (کە زۆر جار بە 'پارامیتەر' ناودەبرێت)، وەک خایاندن، داینامیک، و تیمبر.

[12]- تۆتاڵیزم شێوازێک لە هونەری موزیک کە لە ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠دا وەک وەڵامێک بۆ مینیمالیزم سەریهەڵدا. هاوتەریب بوو بە پۆستمینیالیزم بەڵام نەوەیەکی گەنج لە دروستکەرانی تێدا بوو، کە لە ساڵانی ١٩٥٠دا لەدایکبووبوون. ئەم چەمکە لە لایەن نووسەر و ئاوازدانەر کایل گان Kyle Gann داهێنراوە، لە ڕستیدا ئەم چەمکە وەکو ڕێبازێکی جێگیر لەلایەن

موزیکناسانیی هاوچەرخەوە بە گشتی دانی پێنەنراوە و وەرنەگیراوە، هەروەها بە گشتی هێشتا لە تەنیا ئاماژە بە نووسینەکانی کایل گان دەکرێت.

[١]٣- گامەلان: موزیکی کۆنی گروپی جاونس Javanese،ساندنس Sundanese و بالینزی Balinese خەڵکی ئیندۆنیزیایە، کە زیاتر لە ئامێرەکانی ڕیتمی و کوتەیی پێکدەهێنرێت. باوترین ئامێرەکان کە بەکاردەهێنرێن بریتین لە ئامێرە کانزاییەکان کە بە چەکوش دەژەنرێن و کۆمەڵێک تەپڵی دەستی بە ناوی کەندهەنگ kendhang کە لێدانەکە تۆماردەکەن کیماناک (بە شێوەی ئایدۆفۆنە) و گانگسا gangsa (کانزافۆنێکی تر) بە گشتی ئامێرەکانی گامەلان لە جاڤا Java بەکاردەهێنرێت. ئامێرەکانی تر بریتین لە زایلۆفۆن، فلوتەکانی بامبۆ، ئامێرێکی کەوانە کە پێی دەوترێت ڕێباب rebab، سێتار siter، و گۆرانیبێژەکانیش بە ناوی سیندین sindhen (مێ) یان گێرۆنگ gerong (نێر) ناوزەدکراون.

[١]٤- شێوازی وتنەوەی خوێندنەوەی نەریتە لە ئینجیلی عیبریدا کە لە خزمەتگوزارییەکانی سینیگۆگ ئەنجامدەدرێت. گۆرانییەکان دەنووسرێن و تێبینیدەکرێن بەپێی ئەو نیشانانە تایبەتانەی کە لە دەقی ماسۆرتیکی ئینجیلدا چاپکراون، بۆ تەواوکردنی پیتەکان و خاڵە دەنگییەکان بەکاردەهێندرێت.

## سەرچاوەکان:


- Cahill, C., Sultana, F., & Pain, R. (2007). Participatory ethics: Politics, practices, institutions. *ACME: An International Journal for Critical Geographies*, *6*(3), 304-318.

- Cervo, D. (1999). Post-Minimalism: A Valid Terminology?. *Ictus*, *1*, 37-52.

- Coco, R. (2006). Minimalism and process music: a Pure Data realization of" Pendulum Music". In *Sound and Music Computing*.

- Colannino, J., Gómez, F., & Toussaint, G. T. (2009). Analysis of Emergent Beat-Class Sets in Steve Reich's" Clapping Music" and the Yoruba Bell Timeline. *Perspectives of New Music*, *47*(1), 111-134.

- Curreri, E. (2013). Aesthetic perturbation: Using a chance/aleatoric music therapy intervention to reduce rigidity in adult patients with psychiatric disorders. *Music Therapy Perspectives*, *31*(2), 105-111.

- Golinski, M. R. The Color, Power Spectrum, and Hurst Exponent Associated with the Linear and chaotic Nature of Changes in Pitch of Selections of Music By Philip Glass.

- Górecki, H. M., Stockhausen, K., & Penderecki, K. (1994). *Henryk Mikolaj Górecki*. Boosey & Hawkes Music.

- İNAN, Ş. (2014). The effects of minimalist movement on painting arts and music. *TURKEY-International Journal on New Trends in Education and Their Implications*, *5*.

– Mirka, D. (2004). Górecki's" Musica Geometrica". *Musical Quarterly*, 305-332.

– Potter, K. (2013). Mapping early minimalism.

– Schönberger, J., & Seidman, C. E. (2001). Many roads lead to a broken heart: the genetics of dilated cardiomyopathy. *American journal of human genetics*, *69*(2), 249.

– Shelley, P. J. (2013). *Rethinking Minimalism: At the Intersection of Music Theory and Art Criticism* (Doctoral dissertation).

– Vaneenoo, C. (2011). Minimalism in Art and Design: Concept, influences, implications and perspectives. *Journal of Fine and Studio Art*, *2*(1), 7-12.

– Versluis, T. G. (2018). *Stylistic Morphology in the Music of Henryk Górecki, 1960-1974* (Doctoral dissertation, University of Toronto).

– Zacharopoulos, K. (2017). Musical syntax in John Williams's film music themes. In *Contemporary film music* (pp. 237-262). Palgrave Macmillan, London.

**ملخص البحث**

هي دراسة متابعة منهجية شاملة، يتحدث عن أحدث أشكال الموسيقى في العالم، أي موسيقى أواخر القرن العشرين وبداية القرن الحادي والعشرين، كما يتحدث عن أواخر ما بعد الحداثة، وخاصة في حركة بساطتها الموسيقية. ويقود الحركة الموسيقية مجموعة من الفنانين المحدثين. وخلال هذا البحث، سيتم عرض مسيرة الفنانين العالميين وأساليب عملهم الذي اخترع في هذا المجال في عملية الموسيقى، الذين تكيفوا مع فلسفة الفن الحديث، وتطويرها تكنولوجيا، ومتابعة تغيراتها في المجتمع، وخصائص الاستمتاع للموسيقى بطريقة رأوها مواكبا للعصر، ونتيجة لهذه الدراسة، يحتوي هذا النمط على مجموعة من الميزات، وهو متوافق مع اسمه وفلسفته، كما تم بناؤه على أنه بسيط في كينونته من حيث الانسجام واللحن.

**Research Summary**

A comprehensive, systemic, follow-up study that talks about the latest forms of global music. It mainly focuses on the music of the end of the twentieth century and the beginnings of the twenty-first century. It also talks about the late postmodernism, especially the music of minimalism movement. This musical movement is led by a group of great artists in this feild. During the study, the best works of these artists are demonstrated.also, their working style is shown. These artists have made inventions in these styles of music, which have adapted to the philosophy of modern art, the development of technology, the change of society and the characteristics of music in a way that is different. As a result of the study, it is found that, this method has its own characteristics that are compatible with its name and philosophy, such as simplicity in terms of harmony and melody.